**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٦٩٧ لە ٢٠١٦/٨/١١**

## بڕیاری

## ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠١٦

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسووماتی تایبەت بە بوارەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە بەرواری ٢٠١٦/٥/٢، و پشت بەست بە ماددەی (شەشەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨، و ماددەی (٢٣) لە یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣، بڕیاردرا بە:**

**یەکەم: پەیڕەوکردنی هەر (٣) سێ خشتەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە و هاوپێچی ئەم بڕیارەن تایبەت بە ئەو ڕەسم و کرێیانەی لەلایەن (خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و (زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوەکانی تری سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) وەردەگیرێن لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن لە کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان کە لە خشتەکانی هاوپێچی ئەم بڕیارە ئاماژەیان پێدراوە:**

| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی بڕگەکانی خشتە | بڕگەی یەکەمی خشتە | بڕگەی کۆتایی خشتە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خشتەی ئەو ڕەسمانەی لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوە تایبەتەکان وەردەگیرێت | ٢٠ (بیست بڕگە) | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل بۆ کردنەوەی زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان |
| ٢ | خشتەی ئەو کرێیانەی لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت | ١١ (یانزە بڕگە) | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادة جدارية)ی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان | پێدانی نووسراوی پشتگیری بە مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ کەرتی تایبەت |
| ٣ | خشتەی ئەو کرێیانەی لەلایەن خودی زانکۆ و دەزگاکانی تری خوێندنی باڵا وەردەگیرێت | ١٩ (نۆزدە بڕگە) | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە زانستییە ناوخۆییەکان | بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی کلینیکی لە ئەنجومەنی کوردستانی |

**دووەم:** سەرجەم داهاتەکانی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەخرێنە سەر (سندوقی داهاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) کە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و هەروەها سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی و یاسایی خۆی هەیە، و داهاتەکانی ئەم سندوقە لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

١- ڕێژەی (٧٪) لە سەدا حەوت لە سەرجەم ئەو داهاتانەی کە لە زانکۆ حکومییەکان و دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەدەست دێن.

٢- ڕێژەی (٥٥٪) لە سەدا پەنجا و پێنج لە سەرجەم ئەو رسووماتانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگە و دەزگا ئەکادیمییە تایبەتەکان وەردەگیرێن.

٣- ڕێژەی (٥٥٪) لە سەدا پەنجا و پێنج لە کرێی باڵەخانە و موڵك و کافتریای دیوانی وەزارەت کە بە کرێ دەدرێنە کەرتی تایبەت.

٤- ڕێژەی (٥٥٪) لە سەدا پەنجا و پێنج لە سەرجەم ئەو داهاتانەی تر کە لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەدەست دێن.

٥- ڕێژەی (١٠٠٪) لە سەدا سەد لە بەخشین و بەخشش و پیتاك و وەقفکردن و باربوو (ئیکتیتاب) بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

**سێیەم:** سەرجەم داهاتەکانی زانکۆ حکومییەکان و یان هەر دەزگایەکی تری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەخرێتە سەر (سندوقی داهاتی زانکۆ یان دەزگاکانی تر) کە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیانن و هەروەها سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی و یاسایی خۆیان هەیە، داهاتەکانی ئەم سندوقە لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

١- ڕێژەی (٧٠٪) لە سەدا حەفتا لە سەرجەم داهاتەکانی خوێندنی ئێواران و خوێندنی پاراڵێل بە هەموو ئاستەکانیەوە.

٢- ڕێژەی (٧٠٪) لە سەدا حەفتا لە سەرجەم ئەو داهاتانەی بەدەست دێن لە نووسینگە ڕاوێژکارییەکان، نۆرینگە پزیشکییەکان، سێنتەرەکانی زمان، سێنتەرەکانی وەرزش، کرێی پشکنینە تاقیگەییەکان و هەموو ئەو داهاتانەی کە لە بەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئەکادیمی و زانستی بە هاووڵاتییان وەردەگیرێن.

٣- ڕێژەی (٧٠٪) لە سەدا حەفتا لە کرێی باڵەخانە و موڵك و کافتریاکانی زانکۆ و دامودەزگاکان کە بە کرێ دەدرێنە کەرتی تایبەت.

٤- ڕێژەی (٧٠٪) لە سەدا حەفتا لە سەرجەم ئەو داهاتانەی تر کە لە زانکۆ یان دامودەزگاکان بەدەست دێن.

٥- ڕێژەی (١٠٠٪) لە سەدا سەد لە بەخشین و بەخشش و پیتاك و وەقفکردن و باربوو (ئیکتیتاب) بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

**چوارەم:** ئەم ڕسوماتانەی خوارەوە لە زانکۆ و پەیمانگە و دەزگا ئەکادیمییە تایبەتەکان وەردەگیرێن لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

١- ڕسووماتی سەرجەم داهاتەکانی زانکۆ و پەیمانگە و دەزگا ئەکادیمییە تایبەتەکان.

٢- ڕسووماتی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی زانکۆی تایبەت ، پەیمانگەی تایبەت ، هەر دەزگایەکی تری ئەکادیمی تایبەت.

٣- ڕسووماتی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆی تایبەت، پەیمانگەی تایبەت، هەردەزگایەکی تری ئەکادیمی تایبەت.

٤- ڕسووماتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی زانکۆ و پەیمانگە و دەزگا ئەکادیمییە تایبەتەکان.

٥- ڕسووماتی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ و پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی لقی زانکۆی تایبەت، لقی پەیمانگەی تایبەت، کۆلیج و بەشی ئەکادیمی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان.

**پێنجەم:** ئەم کرێیانەی خوارەوە لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێن:

١- پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامە و پێدانی پشتگیری دەرچوون بۆ دەرچووانی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان بە حکومی و تایبەتەوە.

٢- پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامە بۆ دەرچووانی سەرجەم زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی عێراقی فیدراڵ کە لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

٣- یەکسانکردنی بڕوانامەی زانکۆکانی دەرەوەی وڵات.

٤- هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی فەرمانبەران کە بۆ وەرگرتنی ناونیشانی شارەزا پێشکەش دەکرێت.

٥- پێدانی نووسراوی پشتگیری بە مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ کەرتی تایبەت.

٦- هەر مامەڵەیەکی تر کە لە جێبەجێکردنیدا خەرجی پێویستە و لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت.

**شەشەم:** وەرگرتنی کرێی خوێندن لە خوێندنی ئێواران و خوێندنی پاراڵێل بە هەموو ئاستەکانیەوە لە زانکۆ حکومییەکان و دامودەزگاکانی وەزارەت بەم شێوەی خوارەوە:

١- دیاریکردنی کرێی خوێندن لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆ دەبێت دوای ڕەزامەندی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٢- کرێی کاری فەرمانبەران و وانەوتنەوەی مامۆستایان و سەرجەم خەرجییەکانی بەکارخستن بۆ خوێندنی ئێواران و خوێندنی پاراڵێل لەو ڕێژەیەی داهات دەبێت کە بۆ زانکۆ یان دەزگاکە دادەنرێت.

**حەوتەم:** وەرگرتنی کرێ لە بەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە نووسینگەکانی ڕاوێژکاری، نۆرینگە پزیشکییەکانی زانکۆکان ، سێنتەرەکانی زمان ، سێنتەرەکانی وەرزش ، سێنتەرەکانی کۆمپیوتەر، پشکنینە تاقیگەییەکان ، هەر خزمەتگوزارییەکی تری ئەکادیمی و زانستی کە لە زانکۆکان پێشکەش بە هاووڵاتییان دەکرێن بەم شێوەی خوارەوە:

١- دیاریکردنی کرێی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە دەسەڵاتی لایەنی پەیوەندیدارە دوای ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ.
٢- کرێی کاری فەرمانبەران و مامۆستایان و سەرجەم خەرجییەکانی بەکارخستن بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە لەو ڕێژەیەی داهات دەبێت کە بۆ زانکۆ یان دەزگاکە دادەنرێت.

**هەشتەم:** لە هەریەك لە زانکۆ حکومییەکان و دامودەزگا حکومییەکانی تری وەزارەت ئەم کرێیانەی خوارەوە وەردەگیرێن:

١- بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە زانستییە ناوخۆییەکان.
٢- هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی مامۆستایان.
٣- پێدانی نووسراوی پشتگیری بە فەرمانبەران و مامۆستایان بۆ کەرتی تایبەت.
٤- رسوماتی مانگانە لە مووچەی ئەو مامۆستایانەی کە ئیعارە دەکرێن بۆ زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان.
٥- تۆمارکردنی قوتابی/خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە هەموو ئاستەکانی خوێندن.
٦- وەرگرتن و چاپکردنی بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەر زمانێك بە جیا.
٧- پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووان بۆ هەر مەبەستێك.
٨- تۆمارکردنی ساڵانەی قوتابییان/خوێندکاران لە بەشی ناوخۆیی.
٩- فۆرمی پێشکەشکردن بۆ وەرگیران لە خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) و وەرگیران لە ئەنجومەنی کوردستانی.
١٠- تۆمارکردنی کاندید لە ئەنجومەنی کوردستانی.
١١- دەرچووی (Part 1) لە (Royal College) لە ئەنجومەنی کوردستانی.
١٢- بەشداربوون لە هەریەکە لە تاقیکردنەوەکانی بەشی یەکەم (Part 1) و بەشی دووەم ( Part 2 Written) و بەشی دووەم (Part 2 Clinical) پسپۆڕایەتییەکانی ئەنجومەنی کوردستانی.
١٣- بڕوانامەی دیواربەند (شهادة جدارية) لە ئەنجومەنی کوردستانی.
١٤- نووسراوی پشتگیری دەرچوون لە ئەنجومەنی کوردستانی.
١٥- بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی کلینیکی لە ئەنجومەنی کوردستانی.
١٦- هەر کرێیەکی تر کە لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت.

**نۆیەم:** ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەسەڵاتی دیاریکردن و پێداچوونەوەی هەیە بە بڕی ئەو کرێیانەی کە لە بڕگەکانی پێنجەم و هەشتەمی ئەم بڕیارە هاتووە.

**دەیەم:** ڕێژەی (٤٥٪) لە سەدا چل و پێنج لە سەرجەم ئەو داهات و ڕسووماتانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیـرێن و هەروەها ڕێژەی (٢٣٪) لە سەدا بیست و سێ لە سەرجەم ئەو داهات و ڕسووماتانەی کە لەلایەن زانکۆ و دامودەزگاکانی تری خوێندنی باڵا وەردەگیـرێن دەکرێنە داهاتی کۆتایی و دەخرێنە سەر خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**یازدەیەم:** ئەو ژمێــرەیەی کە دەکرێتەوە بۆ هەریەك لە سندوقی داهاتی وەزارەت و سندوقی داهاتی زانکۆ و دامودەزگاکانی تر ژمێرەیەکی ڕەوەن (حیساب جاري) دەبێت و دەسەڵاتی خەرجکردنی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانکۆ و دامودەزگاکان دەبێت بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و ئەوانەی کە دواتر بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن.

**دوازدەیەم:** هەموو ئەو خەرجییانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانکۆ و دامودەزگاکان لەسەر پشکی خۆیان لە داهاتەکان دەکرێت پێویستە لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە (میزان مراجعة) تۆماربکرێت.

**سێزدەیەم:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.

**چواردەیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێت ، جگە لەو بڕگانەی پێشتر لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی وەزارەت ڕێنمایی پێ دەرچووە، ئەوا بەپێی ڕێنماییەکەی وەزارەت مامەڵە دەکرێت بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## خشتەی ژمارە (١)

**خشتەی ئەو ڕەسمانەی لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوە تایبەتەکان وەردەگیرێت**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل بۆ کردنەوەی زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوازدە ملیۆن دینار |
| ٢ | پێدانی مۆڵەت بە زانکۆی تایبەت | ٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار |
| ٣ | پێدانی مۆڵەت بە پەیمانگەی تایبەت | ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | پەنجا ملیۆن دینار |
| ٤ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل بۆ کردنەوەی لقی زانکۆی تایبەت | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | دە ملیۆن دینار |
| ٥ | مۆڵەتی کردنەوەی لقی زانکۆی تایبەت | ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا ملیۆن دینار |
| ٦ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل بۆ کردنەوەی لقی پەیمانگەی تایبەت | ٨,٠٠٠,٠٠٠ | هەشت ملیۆن دینار |
| ٧ | مۆڵەتی کردنەوەی لقی پەیمانگەی تایبەت | ٣٥,٠٠٠,٠٠٠ | سی و پێنج ملیۆن دینار |
| ٨ | مۆڵەتی گۆڕینی لقی زانکۆی تایبەت بۆ زانکۆی تایبەتی سەربەخۆ | ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | سەد ملیۆن دینار |
| ٩ | مۆڵەتی گۆڕینی لقی پەیمانگەی تایبەت بۆ پەیمانگەی تایبەتی سەربەخۆ | ١٥,٠٠٠,٠٠٠ | پازدە ملیۆن دینار |
| ١٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوازدە ملیۆن دینار |
| ١١ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی لقی زانکۆی تایبەت یان لقی پەیمانگەی تایبەت | ١٢,٠٠٠,٠٠٠ | دوازدە ملیۆن دینار |
| ١٢ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل بۆ کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان | ٨,٠٠٠,٠٠٠ | هەشت ملیۆن دینار |
| ١٣ | پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | بیست ملیۆن دینار |
| ١٤ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەل بۆ کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | بیست ملیۆن دینار |
| ١٥ | پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | دە ملیۆن دینار |
| ١٦ | وردبینیکردنی فۆرم و دۆکیومێنتەکانی وەرگرتن بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك | ٣,٠٠٠ | سێ هەزار دینار |
| ١٧ | رسوماتی داهاتی گشتی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | %٣ | لەسەدا سێ |
| ١٨ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادە جداریە)ی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ١٩ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێك (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ٢٠ | پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٣٠,٠٠٠ | سی هەزار دینار |

## خشتەی ژمار (٢)

### خشتەی ئەو کرێیانەی لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەردەگیرێت

| ژ | جۆری کرێ | بڕی کرێ (بە ژمارە) | بڕی کرێ (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادة جدارية)ی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٢ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێك (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٣ | پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٤ | یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان | ٧٥,٠٠٠ | حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ٥ | یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ هاووڵاتیی عێراق دەرەوەی هەرێمی کوردستان | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ هاووڵاتی بیانی | ٣٠٠,٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ٧ | تاقیکردنەوەی یەکەم بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٨ | تاقیکردنەوەی دووەم بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٩ | تاقیکردنەوەی سێیەم بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٠ | هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی فەرمانبەران | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١١ | پێدانی نووسراوی پشتگیری بە مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ کەرتی تایبەت | ٥,٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |

## خشتەی ژمارە (٣)

### خشتەی ئەو کرێیانەی لەلایەن خودی زانکۆ و دەزگاکانی تری خوێندنی باڵا وەردەگیرێت

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە زانستییە ناوخۆییەکان | ٢٥٠,٠٠٠ | دووسەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٢ | هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی مامۆستایان | ٢٠٠,٠٠٠ | دووسەد هەزار دینار |
| ٣ | پێدانی نووسراوی پشتگیری بە فەرمانبەران و مامۆستایان بۆ کەرتی تایبەت | ٥,٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ٤ | ڕسوماتی مووچەی مامۆستایانی ئیعارەکراو | ٥ % | لەسەدا پێنج |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | تۆمارکردنی قوتابی/خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی بەرایی (جگە لە خوێندنی ئێواران و پارالێل) | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | وەرگرتن و چاپکردنی بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەرزمانێك بە جیا | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | پێدانی پشتگیری دەرچوون بە دەرچووان بۆ هەر مەبەستێك | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٨ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە بەشی ناوخۆیی | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٩ | تۆمارکردنی قوتابی/خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا (جگە لە خوێندنی پارالێل) | ٢٠٠,٠٠٠ | دووسەد هەزار دینار |
| ١٠ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی باڵا/ ماستەر (جگە لە خوێندنی پارالێل) | ٢٥٠,٠٠٠ | دووسەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١١ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی باڵا/ دکتۆرا (جگە لە خوێندنی پارالێل) | ٣٠٠,٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ١٢ | فۆرمی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا ، ماستەر، دکتۆرا) | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٣ | فۆرمی پێشکەشکردن بۆ وەرگیران لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ١٤ | تۆمارکردنی کاندید لە ئەنجومەنی کوردستانی | ٢٥٠,٠٠٠ | دووسەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٥ | دەرچووی (Part 1) لە (Royal College) لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٦ | بەشداربوون لە هەریەکە لە تاقیکردنەوەکانی بەشی یەکەم (Part 1) و بەشی دووەم (Part 2 Written) و بەشی دووەم (Part 2 Clinical) پسپۆڕایەتییەکانی ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٧ | بڕوانامەی دیواربەند (شهادة جدارية) لە ئەنجومەنی کورستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٨ | نووسراوی پشتگیری دەرچوون لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٩ | بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی کلینیکی لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠,٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |